# پانۆڕامای ئەو هەڕەشە و شەڕە دەرونیانەی کە سەرانی ی.ن.ك
# لە بەرامبەر مندا بەرپایان کرد وە

**دکتور فایق محەمەد گوڵپی**
2006-4-29

لە 29-7-1996 بە دواوە من وەك کەسێکی بێلایەن لە دەرەوەی ڕێکخسن و ڕێبازی سیاسی ی.ن.ك هەڵسوکەوتم کردوە و هەڵوێستم نیشانداوە . لە سالانی 2001-2002 لە دامەزراندنی پارتی چارەسەوری دیموکراتی کوردستاندا بەشداریم کرد و لە سەرەتای ساڵی 2004 تا ئێستە سەرۆکی ئەو پارتەم . لەم ماوەیەدا لە لایەن بەرپرسەکانی ی.ن.ك وە چەندان جار هەڕەشەی کوشتن و زیندانکردن و دەربەدەرکرنم لێکراوە ، منیش قسەو هەڕەشەکانیانم بە هەند وەرنەگرتووە . لەسەر بەرنامەی کاری خۆم بەردەوام بووم . بەلام بەلامەوە گرنگە بە کورتی لەم نوسینەدا ئەو چاوسورکردنەوانە بخەمە بەر چاوی خوێنەرانی بەڕێز بۆ ئەوەی هەمولایەك ئەم حزبە دەسەڵاتدارەی کوردستان باش بناسن .

- ڕۆژی 18-8-1996 لە گەڵ کومەڵێك ڕۆشنبیر و دکتور و مافپەروەری شاری سلێمانی یاداشتێکمان ئیمزا کرد و داوامان لە هەردو حزب ( یەکێتی و پارتی ) کرد کە خۆیان لە جەولەیەکی نوێ ی شەڕی ناوخۆ بپارێزن . عومەری سەید عەلی ئەندامی م.س و بەرپرسی مەڵبەندی یەکی ی.ن.ك بە تەلەفۆن هەڕەشەی لێکردم کە دەبێت لەو ئیمزاکردنە پەشیمان ببمەوە ئەگینا بە مام جەلال دەڵێن تا سزام بدات .
- ڕۆژی 4-9-1996 لە سەر داوای عومەری سەید عەلی پارێزگاری سلێمانی مەفرەزەی پۆلیسی ناردە سەرمالم بۆ ئەوەی پاسەوانەکانم بگرن ، لەبەر ئەوەی پاسەوانەکانم بەگژی خزمێکی عومەری سەید عەلیدا چوبوون .
- ساڵی 1998 مەلا بەختیار ناردی بە شوێنما و پرسیاری هەڕەشە ئامێزی لێکردم لە سەر نزیکی من لە برادەرانی پ.ك.ك و پێە وتم واز لەو نزیکبونەوەیەت بێنی باشترە .
- سالی 1999 شێخ جەعفەر ناردی بە شوێنمدا بۆ بارەگای وەزارەتی پێشمەرگە و ئاگاداری کردمەوە کە من لەگەڵ برادەرانی پ.ك.ك کار دەکەم و ئەوان وەك ی.ن.ك لێم قبوڵ ناکەن . بۆیە باشترە لەو هەڵوێستەی خۆم پەشیمان ببمەوە ئەگینا بە گرتن و هەتا بە کوشتن سزام ئەدەن .
- هەرماوەیەك دوای بانگکردنی شێخ جەعفەر ئەرسەلان بایز ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك بۆ مەکتەبی ڕێکخستنی بانگ کردم و هەندێ قسەی ناشیرینی بە بەڕێز عەبدوڵا ئۆج ئالان وت و داوای لێکردم کە بگەڕێمەوە ناو ڕیزی ی.ن.ك

.

- ساڵی 2001 ملازم عومەر هانە لام ( بەڵام بە بێ هەڕەشە ) داوای لێکردم بگەڕیمەوە بۆ ناو ڕیزی ی.ن.ك . من قبوڵم نەکرد . بەڵام ئەوەم قبوڵکرد کە وەك کەسێکی بێلایەن لە دام و دەزگاکانی حکومەتی سلێمانی پۆستێکی حکومی وەربگرم . لە 17-1-2001- تا 5-8-2001 پۆستی بەڕیوەبەری فەرمانگەی تەندروستی سلێمانیم وەرگرت .
- ڕۆژی 5-8-2001 بەرهەم سالح کە ئەو کات سەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران بوو بانگی کردم و پێی وتم کە چیتر نابێ تۆ وەك بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەند روستی سلێمانی کار بکەیت و منیش قبوڵم کرد و دوای چەند ڕۆژێك فەرمانی لە کارخستنیان بۆ دەرکردم .
- ڕۆژی 8-4-2002 مەلا بەختیاری ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك بە کەسێکی نزیکدا خەبەرێکی بۆ ناردبووم وتبوی پێی بڵێن لە ماوەی هەفتەیەکدا کوردستان چۆڵ بکات ئەگینا ئجرائاتی قورسی لەگەڵ دەکرێت .
- لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی 2002 دا چومە لای عومەری سەید عەلی لە قەلا چوالان وتم بۆ هەڕەشەم لێدەکەن وتی خەبەرمان هەیە تۆ بوویت بە پارتی چارەسەری . ئێمە قبول ناکەین . 3 سێ ڕێگەت لە بەردەمدایە : 1.ئیستقالە بکەیت و لە ڕۆژنامە بلاوی بکەیتەوە 2. بچیتە شاخ بۆ ناو پ.ك.ك 3. یان بچیت بۆ دەرەوەی وڵات . ئەگەر یەك لەمانەی سەرەوە ئە نجام نەدەیت و لێرە بمێنی کەس و کاری ئەو شەهیدانەی ئێمە کە لە شەڕی پ.ك.ك دا شەهید بوونە تۆ بکوژن ئێمە بەرپرسیار نین . ئەم قسانەی عومەر سید عەلی لە لایەن هەریەك لە جەمیل هەورامی و عومەر فەتاح وە دوبارە کرانەوە .

- له مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 2002 له کاتی یەکگرتنەوەی پەرلەمانی کوردستاندا دکتور کەمال فواد پێی ڕاگەیاندم کە نابێت من بچمە کۆبونەوەکانی پەرلەمان لەبەر ئەوەی سەر بە پ.ك.ك م . بە بێ ئاگاداری خۆم لە پەرلەمان ئیستقالەیان بۆ نووسیم و بە بێ ئاگاداری خۆم ئیستقالەکەیان قبول کرد .
- چەندان جار هەواڵی چەواشەیان بۆ ناردووم کە هەریەك لە ئێران ، تورکیا ، ئیسلامی توند ڕەو بەرنامەی لەناوبردنی منیان هەیە و باشترین چارەسەریشیان دادەنا : سەفەری دەرەوەی وڵات بکە و مەیەرەوە .
- ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك چەندان جار هەڕەشەی ناڕاستەخۆیان بۆ ڕەوانەکردوم کە واز لە نوسینی ئنتەرنێت بهێنم بۆ خۆم باشترە .
- لە 16-3-2006 تاوانبارین کردم کە دەستم لە سوتاندنی مینۆمێنتی هەڵەبجەدا هەیە . دواتر هەواڵی چەواشەیان بڵاوکردەوە کە من بە بڕیاری تاڵەبانی لە دەزگای زانیاری بەند کراوم و تەعزیب دەدرێم . هەواڵی کوشتنی منیان بە ناوی تەلەفزیۆنی عراقیە وە بڵاوکردەوە .
- ڕۆژی 13-4-2006 لە سلێمانی لە کاتی ڕێپێوانی هێمنانەدا بۆ پشتگیری لە خەباتی گەلی باکوری کوردستان و یادی ئەنفال دا ئاسایشی سلێمانی بە بڕیاری حکومەتی سلێمانی لە گەڵ 42 هەڤاڵ و دۆستدا دەستگیریان کردم و دڵی دەولەتی تورکیان خۆشکرد و ڕقی گەلی کوردیان لە خۆیان ئەستورترکرد .
- دوای ئەوەش هەر خەریکی چەواشە کارین ، دیارە ئەوەی بەمنی دەکەن بازرگانیەکی چەورە بۆیە وازناهێنن .

---

* لە مانگی ئوکتوبەری 2002 کاتی یەکگرتنەوەی پەرلەمانی کوردستان دکتور کەمال فۆاد ئەندامی مەکتەبی سیاسی